ئاوێنەی شکاو لە خەباتەوە تا مادەکان

کاوە ئەمین سوێد

کاك ئاسۆ عەلی رۆژنامەنووسی خەبات لە روونکردنەوەیەکدا لەسەر ئەوەی کە من وەرامی ئەو پرسیارەی کە ئەو لێیکردم و بلاویشی نەکردەوە، پاشان من لە (کوردستان نێت)دا بلاومکردەوە دەڵێت کە گوایە ناوی کاوە ئەمین و کاك سیروان ئەمینی لێبووە بە یەك و وایزانیوە هەر یەك کەسن، بۆیە وەرامەکەی منی پەراوێز کردووە، باشە خۆ من لەسەر داوی خۆت وێنەی خۆمم بۆ ناردیت ئەگەر وایە بۆ وێنەکەی منتان لەگەڵ وەرامەکەی کاك سیرواندا بلاونەکردەوە، ئیتر ئەوکاتە ئەم بیرەوەرییە خۆشەم زیندوو دەبووەوە.

لەبیرم دێت لە پۆلی شەشی ئامادەیی لە بەهاری ١٩٨٦دا لە قوتابخانەی هەڵکەوتی کوڕان لە سلێمانی، مامۆستا ئەکرەم قەرەداخی یادی بەخێرو تەمەن درێژ بێت، وانەی زیندەوەرزانی پێدەوتیینەوە، رۆژێکیان خۆی کرد بە پۆلەکەماندا و رۆژنامەیەکی پێموابێت "هاوکاری" خستبووە ژێر باڵییەوە، هێشتا دەستمان بە دەرس نەکردبوو، رۆژنامەکەی کردەوە، وێنەیەکی خۆی تێدا بلاوکرابووەو لە ژێریدا نووسرابوو "بەڕێوەبەری قەزا یان ناحیەی X) ناوی کابراو شوێنەکەم لەبیر نییە پاشان وتی " تو و شەرەفتان کەستان دیوە هێندەی ئەم کابرایە لەمن بچێت"، ئێمەش دەستمان کرد بەپێکەنین، ئاخر رۆژنامەکە وێنەی مامۆستا ئەکرەمیان لەجێگای کاکی بەڕێوەبەر دانابوو! ئەمەی رۆژنامەی خەباتیش وایە، کاوە ئەمین و سیروان ئەمین دەبن بەیەك کەس. دەی نەخمە، زۆرجار کابرای پۆستەبەر نامەی هەچی "عەلی، محەممەدو ئەمین" ناوی دەوروبەرمانە دەخاتە پۆستەکەی ئێمەوەو پێیوایە هەموویان خاڵوزاو پورزای منن.

٢

ئۆجەلان و فەلەکەدین کاکەیی

ماوەیەکە، کاك فەلەکەدین کاکەیی، وەکو کوردێك و مرۆڤدۆستێك داوای ئازادی بۆ کاك عەبدوڵلا ئۆجەلان دەکات، ئەمەش کارێکی سروشتییە کە کوردێك داوای ئازادی کوردێکی دیکە بکات کە هەشت ساڵە لە زیندانێکی تاکە کەسیدایە و ئێستا دەرکەوت کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك ژەهریان بۆ کردۆتە خواردن و ئاوەوەو کردۆتەوە، تا سۆڤیەت نەڕوخابوو بارزانیان بە پاشڤەروو کۆنەپەرست دەزانی ,بەڵام کە ئێستا دەزانن پارە لە پێداهەڵدانی بارزانیدایە، هێندە ماستاوچێ دەڵێی دەیان ساڵە خۆڵامی بارزانی بوون بۆیە بەناوی سەرۆکی ئینستیتوت و رۆژنامەڤان، چالاکڤان، هونەرمەندو دیرۆکڤان و چی و چی دەرگای باشووریان بۆ ئاوڵا کراوەو بە ملیۆنان دۆلار شاباش دەکرێن. مام هەژاری نەمر بە خۆڕایی بە بارزانی نەوتووە "جاشە کوردە رووڕەشەکەش بەهۆی ئەو بوونە خاوەن بەش"، رەحمەت لە گۆڕت مام هەژار جوانی بۆ چووی، ئاخر جاران کە دژایەتی بارزنییان دەکرد پارەیان دەدانێ ,ئێستایش هەر ئەوانە پارە بەناوی بارزانیەوە وەردەگرن.

٤

مادەکان و کارەبا

رۆژی چوارشەمە ٣/٧، خوێندکارێك کە تەمەنی هەڤدە ساڵە لە پێنج ساڵییەوە هاتووە بۆ وڵاتی سوێد، پرسیارێکی لێکردم وتی: باشە (ماد)ەکان کێن هێندە باسیان دەکەن؟ منیش، وەك کاك حەسەنی قازی گوتەنی، وەکو ئەوەی خۆم لەوێ بووبم و راوێژکاری ئیمپراتۆریەتی ماد بووبم، دەستم کرد بە باسکردن و کە وتم ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوپێش مادەکان کە باب و باپیری ئێمە دەکەن ئیمپراتۆریەتیان هەبووە، خوێندکارەکە دیار بوو یان نەدەچوو بە ئەقڵیدا یانیش فشەی بەو مێژووە دەهات بۆیە قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: باشە ئەگەر کورد ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوبە ئیمپراتۆریەتیان هەبووە، ئەی بۆ ئێستا لە کوردستان کارەبا نییە؟ وەکو ئەوەی جامێك ئاوی ساردم پێدابکات، پیاو یان ژن دەویت بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. بۆیە وەکو جەنرالێکی دۆراوی مادەکان ساردبووەمەوە، باش بوو خوێندکارێکی دیکە فریام کەوت و گوتی: ئەوە ئەمساڵ بۆ یادی هەڵەبجە، چی بکەین؟

بۆیە منیش بڕیارم داوە ئەگەر ئیمەیلی سەرۆکی حکومەت یانیش وەزیری کارەبا کە خەڵکی یەك گوندین دەستبکەوێت، دەیدەم بەو خوێندکارە، بەڵکو ئەوان وەرامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، تا چیتر منیش و مادەکانیش خەجاڵەت نەبین!

Kawe35@hotmail.com

خیانەت لەپێناو دۆلاردا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

– دایکم سۆزانی بوو لەگەڵ بەڕێرس و خەڵکانی ئاسایی رای دەبواردو لەبەرامبەر ئەوەدا (٥٠) دۆلاری وەردەگرت، بەڵام ئاسایش دایکمی گرت و منیش رامکرد.

– من بەشداری ئەو خۆنیشاندانەم کرد کە بەم دواییە لەشاری سلێمانی رووید، دژی دەسەڵات، دواتر ئاسایش کەوتنە شوێنم و منیش هەڵاتم.

– من ئیسلامی بووم و لەمزگەوت خەریکی نوێژکردن بووم، کەچی دواتر زانیم ئاسایش بەدوامدا دەگەڕێت گوایە من ئەنسارم.

– من کوردی ئێرانم، ئاچار رامکردووەو هاتۆمەتە ئێرە.

ئەو چوار مانشێتەی سەرەوە ئیفادەی چوار گەنجی کوردە کە بەم دواییە چوونەتە ئەروپا و ئەو درۆیانەشیان رێزکردوە تا مافی پەنابەری وەربگرن.

راستە کۆچ و راکردن لەم وڵاتە زۆر فاکتەری هەن، کەوا لە ئینسان بکات دڵگران بێت و وڵات جیبهێڵێت، بەڵام ئینسانێك کە هەر لەئیفادەکەیەوە درۆبکات بەخاتری لجوئیك، دڵنیام بەهاکانی (نیشتمان، وڵات، خاك، .....، شۆڕش...)ی بەلاوە گرنگ نییە چی لێدێت، بەڵام ئینسان ئاستی ئەخلاقی بگاتە پلەیەك بڵێ دایکم سۆزانی بووە، خەریکی رابواردن بووە، تەنها لەو پێناوەدا ئیتر چۆن دەکرێت لەنیشتماندا جێبهێڵێتەوەو خزمەتی نیشتمان و وڵاتەکەی بکات.

کەسێك بەدرۆ بڵێ بەشداری خۆنیشاندانم کردووەو یەك تۆزیش رۆڵی نەبووبێ لەوڵاتدا، خۆزگە وابوایە بەشداری بکردایە لەو خۆنیشاندانانە ئەوکات وایبگوتایە چۆن دەکرێت ئینسان دڵ بە گەنجی وا خۆشکات.

گەنجێك ئامادەبێت درۆ بەدەم کوردەکانی ئێرانەوە بکات و ئیسلام و حکومەت و ئاسایش ناشرین بکات و سوکایەتی بەدایکی بکات بەدرۆ، خۆی بکاتە سوپەرمانی خۆنیشاندانەکان.

هەموو وڵات بکاتە دۆزەخ و هەموو نیشتمان بکاتە داپلۆسین و کوشتن و گرتن لەپێناو مەبەستێکی خۆی و کۆکردنەوەی چەند هەزار دۆلارێك، دەبێ دڵی چی پێ خۆشبکرێت و چاوەڕوانی چی لێ بکرێت...؟

دەبێ وڵاتانی ئەورووپا چ قازانج لەو گەنجە درۆزنە بکەن، جگە لەوەی رەوانەی باخێکی دەکەن تا بۆ خۆی خەیار بڕنێت یان کاشی بسرێت یان...!

بەڵام بەداخەوە سەدان کوردو عەرەب و ئێرانی... بەو درۆ زەق و ناشیرنانەوە مافی پەناهەندەیان وەرگرتووەو ئەو درۆیانەیان بەسەردا رەتبووە.

کە هەستدەکەم بێ ئاگا نەبوون، بەڵام بۆچی... نازانم...؟

ئەوانە هەرچی چۆنێك بڵێن و بروات، بەڵام دەرئەنجام ئەو کەسانە لەداهاتوودا نەویژدانیان ئاسودە دەبێت نەدەتوانن تاکێکی سودمەند بن بۆ خاك و وڵات و ئەو نیشتمانەی کە هەزاران هەرەشەی لەسەرە.

تاکێك لەناسکترین کاتدا خاك و وڵاتەکەی جیبهێڵێت، لەوەش خەتەرناکتر سەدان درۆی بخاتە پاڵ و بیەوێت ناشرینی بکات سەرئەنجام مرۆڤێکی فاشیلە.

بێگومانیشم ئەوانە هەمووی لەداهاتوودا فایلەکانیان ئاشکرا دەبێت، کەچ درۆیەکیان خستۆتە پاڵ وڵات.

– من ناڵێم دەسەڵات و حیزب و حکومەتی کوردستان خەتای نییەو خەمسارد نییە، بەرامبەر گەنج و لاوان و کۆی کۆمەڵگا، بەڵام هەرگیز ئەو قسانە، پاساو نین و پاساونین...!

a_bazgr@yahoo.com

عەباسی بایزاغا:

بۆ چوونە بەردەم دادگا یەك مەرجم هەیە

میدیا- هەولێر/ عەباس بایز باوڵ ئاغا بە (میدیا)ی راگەیاند تائێستا بەرەسمی لەسلێمانییەوە ئاگادار نەکراوەتەوە کە ٤٧ داوای یاسایی لەسەرەو دەڵێ ئەگەر دادگاییکردنەکەی لەهەولێر لەژێر چاوێری پارتیدا بێت ئامادەیە بچێتە دادگا "بەڵام دیارە ئەوانەی سکاڵایان لەدژی من تۆمار کردووە نایانەوێ بگەڕێمەوە ناوچەی خۆم".

عەباسی بایزی باوڵ ئاغا کە ئێستا لەناوچەی سەنگەرسەرو رانیەو دەروبەری ٤٧ سکاڵای یاسایی لەدادگای سلێمانی لەسەر تۆمارکراوە، دەڵێ هەر کاتێك سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیاریدا "خەتاباران" لەکوردستان موحاسبە بکرێن منیش ئامادەم "بەڵام من خەتای خۆم سڕیونەتەوە، من کە لە ١٩٨٨ ئەنفال و کیمیاباران دەستیپێکرد، یەك کەس لەکوردستان ئامادە نەبوو وەڵامی عەلی حەسەن مەجید و عیزەت دوری و مەنزومەی شیمالی و محەممەد حەمزە زوبێدی و چەند کەسانێکی دیکە بداتەوە، بەڵام من وەڵامم دانەوە، هەموو موستەشارەکان شاهیدن، هەر لەبەر ئەوە بەئیعدام حوکمدرام، بەڵام خوا منی نەکوشت، دوای ئەو من کوردستانم بەجێهێشت و چوومە ریزی شۆڕشگێڕان". عەباسی بایزاغا رۆژی ١٩٨٨/٩/٣ بەناو یەکێتیدا چووە شاخ و ئێران.

یەکەم کەس کە سکاڵای لە دژی عەباسی بایزاغا تۆمارکرد، مستەفا حەسەن گەورەیە کە هاووڵاتییەکی کوردی دانیشتووی دانیمارکەو کە عەباسی بە کوشتنی دوو برای خۆی بەناوەکانی (ئەمین حەسەن گەورە لە ١٩٨٨/٩/٢٧، محەممەد حەسەن گەورە لە ١٩٨٣/٧/٢٣ کە پێشمەرگەی یەکێتی بووە) ئامۆزایەکی خۆی، بەڵام عەباسی بایزاغا لە هەڤیەڤینێکی پێشووی (میدیا)دا ئەوەی رەتکردەوە کە دەستی لە کوشتنی ئەو سێ کەسەدا هەبووبێ.

عەباسی بایزاغا پێیوایە هۆی ئەوەی کە ئێستا کۆمەڵێك کەس سکاڵایان لەدژی تۆمار کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەوانەیە لەسااڵنی پێشوودا "کەسێك خۆشی نەویستبێتەو ویستبێتی تەعەدام لێ بکات، بەڵام نەیتوانیبێت، بۆیە ئێستا دەیەوێ لەبەرگی کوردستان کێشە بۆ من دروست بکات". هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەوانەی سکاڵایان لەدژی تۆمار کردووە لەعەشیرەتی ئەون کە عەشیرەتی (ئاکۆ)یە، گوتی "هۆی ئەوەش لەدوو شت شتێکە، یان ئەوەی کە ئەوە دەکا دەیەوێ دووبارە موشاغەبە لەکوردستان دووبارە بێتەوەو لەساڵانی شەستەکانەوە دەستی لە موشاغەبەدا هەبووە، یان خواستیان ئەوەیە من نەگەڕێمەوە ناوچەی خۆم، بۆیە پێم گوناحە هەموو کوردستان ئازاد بێ تەنیا بۆ من قەدەخەو حەرام بێ بگەڕێمەوە ناوچەکەی خۆم".

هەندێ کەس پێیوایە ئاکۆی عەباس ئاغا و هەندێ کەسی دەروبەری دەستیان لە توندکردنی ئەو مەسەلانەدا هەبێ، عەباس بایزاغا لەوبارەیەوە دەڵێ "ناتوانم بڵێم ئاکۆ دەستی تێدا هەیە یان نییە، بەڵام کاك ئاکۆ خۆی بەسەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ ناساندووە، لەلایەکیش برادەرانی یەکێتی نووسیویانە ئاکۆی پاشەڵ پیس، بۆیە ئەگەر ئاکۆ لەئێمە بوایە و عیزەتی ئاکۆیەتی هەبوایە پێی قبوڵ نەدەکرا، ئەگەر دەستیشی تێدا هەبێ و هەماهەنگیان کردبێ نازانم". هەروەها دەڵێ ئەگەر ئاکۆو کەسانی دەروبەری دەستیان لەو مەسەلەیەش هەبێت، "ئەوان بەفووەکی من بفەوتێن من نایانفەوتێنم، چونکە فەوتانی خەڵکی نابێتە سەرکەوتنی من، من هیچم لەگەڵ ئەوان نییە".

عەباس بایزاغا زەوی و زارێکی زۆری لەناوچەکەی خۆی چوارقورنەو سەنگەسەرو پشدەرو رانیەو دەوربەری هەیە، کە ئێستا زەویەکی زۆر دابەشکراوە، بەڵام زۆربەی خەڵك وەری ناگرێت، کە هەندێك کەس ئەوە بەترسێك لە عەباس بایزاغا دادەنێن، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێ "چوارقورنە هی مامی من بووە، هی کانەبی ئاغا باوکم و ئەوانە بووە، دوای شەڕی ناوخۆ کە من هاتوومەتە لای پارتی، لەوێ مەترێك زەویم نەماوە، جا ئەو خەڵکەی لەوێن موستەفیدن لەمەسەلەکە لەوانەیە دەزانن کە دەسەڵاتی منیان نییە، بەناشوکریش نااڵێم جاری پارتی ئیمەالی وەزعی منی کردووە".

عەباسی بایزاغا دەڵێ ئەگەر دادگایی ئەو کەسانەی خەڵکیان لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا تەنانەت لەساڵی ١٩٩٦ لەشەڕی براکوژیدا کوشتووە بکرێ "ئەوا من سەد جار ئامادەم بەمەرجێك دادگاکە لەژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بێت". کاتێك دەگوترێ ئێستا حکومەت بووەتەوە یەك و یەك یاسا هەیە، عەباس بایزاغا پەنجەی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ "ئەوە هەر قسەیە، ئێستا بۆ سەڵماندنی قسەکەم لە رانیە چەند کەسێکم پێ شك دێن کە لەوێ دادگایی کراون و ئەندامی پارتین و دەیانەوێ دەمکوتیان بکەن". بەڵام ناوبراو دەڵێ "کوا من زەلامم کوشتووە بەئاشکرا کە زووف نەیکوشتبێ، زووف کوشتوویەتی، حکومەت کوشتوویەتی شەڕبووە کوژراوە یان بەشێوەیەکی دیکە خۆی لەتەڵە هاویشتووە خۆی بەکوشتن داوە، خەتای من چییە". بۆیە درێژە بەقسەکانیدەداو داوای ئەوە دەکا کە لەژێر چاودێری پارتی دادگایی بکرێ، چونکە وەکو خۆی دەڵێ "هیچ خەتایەکم نییە".

لە ژمارەی ٢٢٠ی رۆژی ٢٠٠٧/٣/٣ رۆژنامەی (هەواڵ)دا لەراپۆرتێکدا چەند کەسێك لەناوچەی سەنگەسەرو چوارقورنە کە لەعەشیرەتی ئاکۆن، باس لەوە دەکەن کە کەسوکاریان لەلایەن عەباس بایزاغاوە کوژراون و داوای مافی خۆیان و دادگاییکردنی ناوبراو دەکەن، یەکێك لەوانە بەناوی ئەبی داوای دادگاییکردنی عەباس باریزاغا دەکات، عەباس دەڵێ "باشە ئەگەر من لەگەڵ حکومەتی بوومەو خەتام هەبووە، ئەو یەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ من بووە، بەو خەتایەی منیش رازی نەبووە، ئەبی دەچوو رێگری دەکرد، وەتمانی قادر حەمەدی کە دەڵێ باوکمی کوشتووە ئەو کاتی ئامر مەفرەزە بوو لەلای من، لەبەر خاتری وەتمانی نەبیم بانگ کردو هەندێك پارەشم پێدا گوتم کوڕە ئەو بەزمەی مەکە، گوتی باشە، کەچی دووبارەی کردەوە بۆیە نەبیم دارکاری کرد، بەڵام دیسان بۆ جاری سێیەم ئەو کارەی کردەوە، بۆیە نەك دارکاریم کرد، رەنگە ٢٠٠ گۆچانیشم لێدابێ، بەڵکو سەریشم تاشی، خەڵك شاهیدن، دواتر سواری سەیارەم کردو ماستیشم پێدا کرد. ئەو جا کە چوومە ئێران ئەو کاکە نەبییە دووبارە لەساڵی ٩٥-٩٧ بەناوی ئەوەی لەعەشیرەتی خۆمەو خزمەتکاری عەشیرەتە هاتەوە لای من لەئێران، لەوێ چەکداری من بوو، لەو پایگایانەی کە ئەو دەڵێ پارەی لەخەڵکی ستاندووە لەوێ پاسەوانی لەمن کردووە، ئەگەر من پیاوی خراپ بم ئەو پیاوە چیکردووە لەدەروبەری من". ئەو دەڵێ کە ئەبی هاتە ئێران ٣٠ هەزارم بە قەرزدایێ و تائێستا نەیداوەتەوە رەنگە ئەوەی بۆ ئەوە بێ کە ئەو پارەیە و ئەو دوو ئۆتۆمبیلە پر لە چەکەی کە کاتی خۆی مامی من لای ئەوانی دابوون چاوپۆشی لێبکەین.

ناوبراو لەبارەی ئەوەی کە ئەبی دەڵێ عەباس بایزاغا مامو برای کوشتووم، گوتی "ئەو کاتەی کە من چوومە ئێران، چەند کەسێك کە لەگەڵ من بوون گوتیان دەچینەوە ماڵ و مندالی خۆمان دێنین، لەوێ ئیجازەیان لەمن وەرگرت و گەڕانەوە کوردستان تاکو ماڵو مندالی خۆیان بێنن، کە هاتنەوە خزمەکانیان زەختیان لێکردبوون کە خۆیان تەسلیمی حکومەت بکەن، بۆیە تەسلیمی حکومەت کرانەوە، دوای ئەو ساڵە کە ١٩٨٨ بوو، بڕواناکەم تاقە نەفەرێك لەکوردستان کە گیرا بێت رزگاری بووبێت، ئەو ساڵە خەڵکێکی زۆر ئەنفال کران و کوژران، جا خەتای من چییە کە ئەوانە لەلایەن رژێمەوە کوژراون"، گوتیشی دوای هاتنەوەم بۆ کوردستان یەکەمین شت داوای ئەوەم کرد کە مووچەی شەهیدیان لە دەزگای شەهید پێبدرێ.

عەباس بایزاغا کە ئێستا لەهەولێر دانیشتووە، بەجلوبەرگی کوردی لەژووری پێشوازی ماڵەکەی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دانیشتبو، دەڵێ "کاتێك هەر کەسێك بێت لەپارتی شکایەت لەمن بکات، پارتی من یانگ بکات بۆ دادگاییکردن ئەوا من لەخزمەتیدا دەبم".

عەباسی بایزاغا باس لەوەدەکا لەو کاتەی لەئێران گەڕاوەتەوە کوردستان تائێستا سەردانی ناوچەکەی خۆی کە چوارقورنەیە، نەکردووە "من خۆم بەشەخسی نەچوومە لەبەر ئەوەی من لەوڵاتی خۆم خانوو شتەکانم هەمووی رووخاون و رەزو باخیشم هەمووی بڕاون، پێمخۆش نەبوو بچم بەو ئەوعەی ببینم، بەڵام کوڕەکانم دەچن".

ئەو کۆنە موستەشارە دەڵێ "من خۆم حیساب دەکەم یەکی وەکو کاك کۆسرەت رەسوڵ، کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، رۆژێك لەرۆژان ئەویش حوکمی ئیعدامی درا بە غیابی، ئەگەر کوڕم پیاوە ئامادە بوو دادگایی بکرێ، من سەد جار ئامادەم با کاك مەسعود من بگرێ و تەسلیمی دادگام بکات". ناوبرا دەڵێ ئەگەر مەبەست کۆتایی هاتن بێت بە کێشەکەو دادگاکە لەهەولێر ئەنجامبدرێ ئامادەیە دادگای بکرێت "مانعم نییە دادگایی بکرێم ئەگەر دادگاییەکە لەژێر باڵی پارتی دابێت و ئەوان ئاگاداری بن و بمپارێزن".

یەکێکی دیکە لەسکاڵاکاران بەنێوی عەبدوڵاڵ شێخە باس لەوە دەکات کە عەباس بایزاغا لەیەك شوێندا ٩ کەسی کوشتووە، عەباس لەبارەی ئەوەوە دەڵێ "عەبدوڵاڵ شێخە بن زێری کاتی خۆی ئامر مەفرەزی سەرەتایی بوو، لەساڵی ١٩٧٧ یەکێتی کە لەشێخ ئایش بوو، دایرەی ئەمنی سەنگەسەری حکومەتی عێراقی خەڵکیان بەجاسووسی دەنارد ناو یەکێتی، خەڵکێکیش پەیدا ببوو خەڵکیان بەگرتن دەدا، هەر کەسێك ئەگەر پەژلی شەشەمی سەرتاییش بوایە و چەکی هەبوایە ئیعدام دەکرا، کوڕێك لەسەنگەسەر بەناوی کوردەی سمەکۆڵ چووە ناو یەکێتی لەشێخ ئایش، د.خالید کە مەسئولیکی یەکێتی بوو ئەوکات، لەساڵی ٧٧-٧٨ لەمەجلیسێکدا کاتی نانی نیوەڕۆ دەمانچەی نێو قەدی دەرهێنا و بەئاشکرا لەپێش چاوی هەمووان گوللەیەکی لەسەر کوڕەکەدا، کوڕەکە لاقەکوتەی بوو پرپر نەدەمرد گوتیان کاك خالید ئەوە خزمی خۆتە کۆیە، د.خالید وەڵامی دانەوەو گوتی برای خۆشم لەو بەرگەدا بێتە ناومان وەکو ئەوەی لێدەکەم، بەجاسووسی لەقەلەم دابوو، گوتی ئەگەر ئەمرم ئەوەم کوشت کانەبی رەسول کانەبی و ئەوانی وەکو ئەویش کە ئەمرم دەکوژم، رەسول ئاغای کوێخا رەسول کە ئامۆزای کانەبیە لەوێ شاهیدی ئەوە بوو، من ئەوکاتی چەکداری حکومەت نەبووم".

هەروەها باس لەوە دەکات کە عەبدوڵاڵی شێخە بن زێری کە ئەو کات ئامر مەفرەزەی سەرەتایی بووە "پێیراسپێردراربوو کانەبی بکوژێ ، بۆیە لەدۆڵی ماخۆبزنان کانەبی کە لەگەڵ عومەری رەسوڵ دەبێ، عەبدوڵاڵ کانەبی دەکوژێت، عومەر تورە دەبێ و پێیدەڵێ ئەو کابرایەت بۆ کوشت، عومەر تەقە لەعەبدوڵاڵ دەکات و برینداری دەکا، ئەویش لەعومەری دابوو ئەویشی کوشتبوو، بۆیە من عەبدوڵاڵم برینـدار نەکردووەو هەر نەچووەمەتە ئەو ناوچەیەش، ئەو کابرایە برینداری کردووەو هیچ خزمی منیش نەبووە، بەڵام هەموویان لەعەشیرەتی ئێمەن، دوای ئەوە یەکێتی عبدوڵاڵی نارد سوریا بۆ چارەسەری برینەکەی". هەروەها باس لە باوکی عەبدوڵاڵ دەکات و دەڵێ "شێخە بن زیری باوکی عەبدوڵاڵ لە شێخ ئایش مەسئول بوو، لەلای مام جەلال، رۆژێك لەگەڵ مام جەلالی رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، خەڵکیش لەوێ شاهید بوون، قسەی زۆر ناشیرینی بە مام جەلال گوت، بۆ ئەوەی خەڵك نەکوژرێت مام جەلال هیچی نەگوت، وابزانم ئەو پیاوە لەلایەن مەنزومەی شیمالییەوە تەکلیف کرابوو بۆ کوشتنی مام جەلال". گوتیشی بۆ سەلماندنی قسەکانم دەڵێم "شێخە بن زێری هەر ئەو شەو رایکردو لەگەڵ کوڕەکانی خۆی تەسلیمی مەنزومەی شیمالیی کرد، لەوێ گوتی خەریکبوو مام جەلال بکوژێ، بەڵام خەڵك نەیهێشت، دواتر کابرایەك بەدوویدا هات گوتی دوای تۆ منیش لێدرام بۆیە هەڵاتم، باوکی عەبدوڵاڵ بەخێر هاتنی کردو کردییە حیمایەی خۆی، ئەو حیمایەیە لەناو بازاڕی هەولێر سایەقەکەی تێگەیاند کە وابکات سەیارەکەی بکوژێتەوە، سەیارەکە کوژاوە، گوتی مام حاجی شێخە سەیارەکە سلفی ناگێڕێ، مام حاجی پیاوێکی نەخوێندەوارو فەقیر بوو، دابەزی و شانی بەسەیارەکەی وەنا، کوڕەکەشی لەولا پەالی بەسەیارە وەدەنا، حیمایەکە چووە ناو قەدی هەر دووکیان و دەمانچەی دەرهێناو هەر دووکیانی کوشت، ئەوەش لەساڵانی ٧٧-٧٨ بوو ئەو کات ئێمە چەکمان نەبوو، ئێمە لەساڵی ٧٩ چەکمان لەحکومەت وەرگرت".

عەباسی بایزاغا هەروەها باس لەوە دەکات دوای ئەوەی کەسێك بەنێوی سلێمان مرادی کاکەڵا چووەتە لای عەبدڵاڵی شێخە بن زیری کە پاسەوانی لێبکات "ئەو کوڕە کوڕێکی زۆر فەقیر بوو، کە بە برایمەشین مەشهور بوو، عەبدوڵاڵ وەیزانیبوو ئەگەر سلێمان بکوژێ ئەوا لەسەرە خۆی لایدەبات، بۆیە لەدۆڵی سیوەیسی لەلای کەندەرەش سلێمان دەکوژێ، رەبیەی حکومەتی عێراقی لەوێ دەبێ، دوو تەقەش لەرەبیەکەی دەکات، رەبیەکەش تەقە لەعەبدوڵاڵ دەکات، عەبدوڵاڵ و کوڕێکی کەرکوکی لەگەڵدا دەبێ جەنازەکەی لەوێ بەجێدێڵن، دوایی خزمەکانی لەلای من گوتیان عەبدوڵاڵ کوشتوویەتی". درێژەی بەقسەکانیداو گوتی "موسای بۆری خزمی سلێمان، شەویك چوویوو کابرایەکی بێ خەتای کوشت لەگرچی کە ئاوی سلێمان حەمەدێ بوو لەجیاتی سلێمانی مرادی کاکەڵای کوشتی، کوڕی سلێمان حەمەدێ لەگەڵ یەکێکی دیکە دەچن لەدۆڵێ تەقە لەبرازایەکی سلێمانی کوڕی ئاڵای سۆفی مراد دەکەن و لاقێکی بریندار دەکەن، کە ئێستا ئەو مەسەلەیان لەبەینیدا ماوەتەوە".

یەکێکی لەو رووداوە کوشتنانەی عەباسای بایزاغا کە باس دەکرێ ئەوەیە دوای راپەڕین کە چەند رەبیەیەکیان لەسەر سنوور هەبوون و کومرگیان لە قاچاخچییەکان وەردەگرت، رۆژێك لە یەکێك لە رەبیەکانەوە تەقە لە کوڕێکی قاچاخچی دەکرێ کە ناوی (ئاکۆ) بووە و خەڵکی پیرانشار (خانی) بووەو کوژراوە، دوای ئەو رووداوەش ماڵەکەی لەئێران لەلایەن خەڵکەوە هێرشی کرایە سەرو تاڵانکرا. عەباس لەبارەی ئەو رووداوەوە دەڵێ "من کوشتنی ئەو کوڕە بەمەسەلەیەکی سیاسی دەزانم لەهەموو ئێران ئەوەی من پێم شك دێ، سێ کەس ناوی ئاکۆیان لەکوڕەکەیان خۆیان نابوو، یەکێك لەوان ئەو کوڕە بوو، ئەو کوڕە چاکە رەحمەتی خوای لێبێ، لێرە موعاملەم پێکرا، کەوا یەك دوو مەسئولی حیزبی دیموکرات بکوژن و یەك دوو کەس تەسلیمی ئێران بکەن لەبەرامبەردا منیش تەسلیمی ئەوان بکرێمەوە، بەڵام ئێران زیرەکتر بوو منی تەسلیم نەدەکردەوە، ئەوانەی لەکوردستان دەکوژران لەلایەن ئینسانێکی پاشەڵ پیس دەکوژران کە پارەشی پێوەرگرتبوو و سەفەرێکی دوبەیشی پێکرد، ئەوان هەوڵیاندەدا من بکوژن، بەڵام من لەمالی نەبووم بۆیە ئەو ئاکۆیەیان لەوێ کوشت، ئەویش ئەو کاتە لەلای من لە رەبیە بوو، کێ دەڵێ نەبی نەیکوشتووە، نەبی ئەو کاتی مالی لەکەڵەکینێ بوو، خۆی دەهاتە مالم و حەرەسیاتی دەگرت". هەروەها گوتی دەستێك هەبوو لە پشت هێرشکردنە سەر ماڵەکەی. "ئەوانەی کە هاتنە سەر ماڵی من و سوتاندیان مەسەلەیەکی سیاسی بوو تەنیا دەیانویست من تەسلیم بکەنەوە".

ناوبراو باسی ئەوەی کرد کە لەبەر ئەوەی ئەو خێزانەی خەڵکی خانێ کوڕەکەیان کە ناوی ئاکۆ بووە بەناوی ئەوەوە کوژراوە "من مەمنونی ئەو دایك و باوکە دەبم، بۆیە من هەتا هەتایە من حازرم هەر کایك ئیشیان بەمن بێت خزمەتیان بکەم، ئەوان هیچ غەرەزێکیان لەمن نییە، من وەکو دایك و براگەورەی خۆم تەماشایان دەکەم".

ئەو دەڵێ بۆ ئەوەی کێشەی کەسی خەڵکی ناوچەکەشیان، چەند جار کوڕەکانی خۆی بۆ ناوچەکە نارداووەو سەردانی مالی ئەو کەسانەی کردووە کە سکاڵایان لەدژی تۆمار کردووە، تەنیا نەچوونەتە لای ئەبی. هەروەها گوتی "بەس دەزانم ٩٥٪ی خەڵکی ناوچەکەمان کەیفیان بەمن دێ".

عەباسی بایزاغا گلەیی خەڵکی چوارقورنەو رانیەو قەلادزێ و سەنگەسەر کرد کە لەو بارەیەوە قسەیەك ناکەن و گوتی "مادام وایە ئەگەر رۆژێك زووفم بێتەوە لەبەر میللەت هیچ ناکەم، چونکە ئامادە نیم قەت یەکێك بکەمە دوژمنی خۆم لەپێناو میللەتێك کە بەرگریم لێ نەکات".

عەباس اغا دەڵێ دەزانم تەئسیریان لە پیرۆتی عەبدوڵاڵ شێخە کردووە بۆیە ئەو قسانەی کردوون "بۆیە من لەبەرخاتری گۆڕی باوکی کە زۆر دۆستم بوو گلەیی ناکەمەو پێمخۆشە ئەویش بەخۆیدا بچێتەوە، پرسیار لە خزم و کەسوکاری بکات کە کێ باوکی کوشتووە".

عەباس بایزاغا دێتەسەر ئەسمەر کانەبی کە یەکێکی دیکە لە سکاڵاکارانەو دەڵێ ئەو کات ئەو بچووك بووەو "کانەبی برادەری من بوو، لەبەر ئەوەی ئیخباری لەئامۆزاکانی خۆی کردووە، ئامۆزکانی خۆی شاهیدی ئەو مەسەلەیەن و من پەیوەندیم بەو مەسەلەیەوە نییە". هەروەها دەڵێ "ڕەسول سلێمان نزیکترین کەسی من بووە، هەروەها کاکە سەردار کە ئەو کاتی منداڵ بووەو ئێستا بەنەزانین رایيان کردووە جا نازام دەزگای زانیاری یان کەسێکی پاشەڵ پیس وای کردووە".

لەکۆتاییدا عەباس بایز ئاغا داوا لەخەڵکی قەلادزێ و سەنگەسەرو ژاراوەو رانیەو چوارقورنە دەکات کە "ئەگەر منیان پێ خراپە ئەوا هەموو یەکدەنگ راپەڕن و بڵێن خراپە ئەگەر نا رێنەدەن کەسانی پاشەڵ پیس رازیان بکەن بێن ئەو قسانە بکەن".

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری کوردستان:

هەندێك فیلمی سینەمایی پارەی بۆ سەرفکراوەو فیلمەکەش نییە



*** فێستیڤاڵی یادکردنەوەی دارا تۆفیق کەی دەبەسترێ و چەند ڕۆژ دەخایێنێ؟**

– دوو ڕۆژ دەخایێنێ، ڕەنگە لە هاوینی داهاتوودا یان نزیکی پاییز سازی بکەین، خۆیشی هەر لەو دەمەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا گیراو تائێستا شوێنبزرە، بێگومان شەهیدکراوە بەڵام نازانرێت چۆن. کاتی خۆی کەسوکاری زۆر بەدوایدا گەڕان و منیش دوای ٢٠٠٣ کە لەبەغدا بووم جارێکی دیکە سۆراخم کرد، بەڵام لەهیچ شوێنێك نەمانتوانی وەڵامێك وەربگرینەوە. دارا تۆفیق جگە لەوەی ئەندازیارێکی باش بوو ،ڕووناکبیرێکی گەورەش بوو، کەسایەتییەکی نێودەوڵەتیی هەبوو کاتی خۆی. مەبەستمان لەو یادکردنەوەیە ئەوەیە کە دارا تۆفیق یەکێکە لەو ڕووناکبیرانەی نەوەی نوێ ناینناسن، ئەگەرچی کەسایەتییەکی گەورە بووەو ماوەیەك سکرتێری یەکێتی قوتابیانی جیهانی بووەو دواتر سکرتێری یەکێتی لاوانی جیهانی بووەو ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشتی نێودەوڵەتیش بووە، جگە لەوەش جێی متمانەی بارزانی نەمر بوو و لەناو پێشمەرگەدا خۆشەویست بوو، ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت هەبوو هەندێکی لەڕێگەی ئەوەوە بوو. ئەوە یەکێکە لە هۆیەکان کە دەمانەوێت یادی بکەینەوە، دووەم لەبەرئەوەیە کە دارا تۆفیق دەتوانم بڵێم یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیریی شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٧٤ ئەمینداری گشتیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بوو کە دەکاتە وەزیری ڕۆشنبیریی ئێستا. دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا نزیکەی ٢٣٠ کارمەندی هەبوو کە ئەو لەماوەی ساڵێکدا توانی دەزگایەکی چالاکی لێ دروست بکات، لایەنی سێیەمی ئەوەیە کە خەباتگێڕێکی گەورە بوو، خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەمیشەش ئەندامی ئەو وەفدانە بووە کە شۆڕش بۆ دیالۆگ و دانوستان ڕەوانەی لای حکومەتەکانی عێراق و هەروەها ڕەوانەی دەرەوەی عێراقیشی دەکردن و جێگەی بڕوای هەموو لایەك بوو، لەبەر ئەو هۆیانە ئەو یادە دەکەینەوەو دڵنیام هەموو ئەوانەی کە دەیناسن هاوکاری دەکەن.

*** کاتی خۆی پرۆژەیەکی یادکردنەوەی فازڵ ڕەسوڵ درابووە ئێوە، بۆچی ئەو فیستیڤاڵە ئەکرا؟**

– خۆی ئەو برادەرەی کە ئەو پرۆژەیەی هێنابوو یەك دووجار بیروڕاکەی گۆڕی ،بەڕاستی ئەوە لە ئێمەی تێکدا. پاشان لەو قۆناخەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری تازە یەکیدەگرتەوە و هێشتا بودجەمان دیاری نەکرابوو،کە ئێستاش دیاری نەکراوە. ئەو کەسایەتیانەی ئەو دەیویست داوەتیان بەکات بەڕاستی خەرجییەکی زۆریان دەویست و لەهەمان کاتیشدا مەسەلەکە پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەبوو، مەبەستم پاراستنیانە، ئەوانە هەندێکیان کەسایەتیی زۆر گەورەبوون و پاراستنیان بۆ ئێمە ئاسان نەبوو، ئینجا بیرمان دەکردەوە کەسایەتییەکی وەك ئەحمەد بن بێللا کە ناسراوەو سەرۆکی جەزائیر بووە چۆن بانگهێشت بکەین، خۆ ئێمە لامان گرنگە کەسایەتی وەها بێنە کوردستان و ئێرە ببینن، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئێمە بودجەی وەزارەت بوو، لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتیش نەمانتوانی لەسەر شێوەی بانگهێشتکردنیان ڕێکبکەوین. وەك گوتم ئەوانە هەر کەسایەتیەکیان لەجێگایەکەوە دەهات، ئینجا نەماندەزانی ئاخۆ ئەوانە دێن، کە دێن چۆن دێن، چونکە هەندێ کەسایەتی هەیە بەئاسانی نایەت، کە دێن مەرجیان هەیە، مەسەلەکە هەر ئەوەبوو، تەماشام کرد لامان ڕوون نییەو ناتوانین بڕیارێکی لەسەر بدەین گوتمان دوای بخەین باشترە.

*** واتە بڕیارتان داوە یادی بکەنەوە، بەڵام دواخراوە؟**

– بەڵێ بیرۆکەکە زۆر باشە، بەڵام ئالیەتێکی دەوێ و ئەوەش تەنیا بە وەزارەتی ڕۆشنبیری ناکرێ ،دەبێت دەزگاکانی دیکەش هاوکاربن، چونکە ئەو کەسایەتیانە دەبێت لەشوێنێکی ئەمین بن و پاسەوانیان هەبێ و ڕێزێکی زۆریان لێبگیرێ.

*** دەگوترێ کە بەنیازن فێستیڤاڵی قازی محەمەدیش ببەستن؟**

– بەڵێ ئەوە کاری زۆرمان لەسەر کردووەو کۆتایی ئەم مانگە بەبۆنەی ٦٠ەمین ساڵی شەهیدبوونی سازی دەکەین و بەرنامەیەکی باشمان بۆ ئامادەکردووەو خەڵکێکی زۆرمان داوەت کردووە، ئیدی ئەوەی بتوانێت لەوادەی خۆیدا بگات بەشداریی دەکات.

*** کێشەیەك کە ماوەیەکە زۆر قسەی لەسەر دەکرێ ئەو پارە وخەرجییەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بۆ هونەرمەندان سەرفکراوە، لەوەتای (میدیا) ئەو بەڵگەنامانەی بڵاوکردووەتەوە زۆر هونەرمەند گوتوویانە ئەو پارەیەمان وەرنەگرتووە، یان کەمترمان وەرگرتووە، ئێوە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەوە دەکەن؟**

– ئێمە زۆرمان پێخۆشە هەرکەسێك گلەییەکی هەیە پێمان بگەیێنێت، بەڵام حەز دەکەین تەنیا هەر لە ڕۆژنامەوە نەبێت، هەڵبەتە ڕۆژنامە ماڤی خۆیانە چی بڵاودەکەنەوە، بەڵام بۆئەوەی شێوەیەکی ڕەسمی و دروست وەربگرێ بۆ ئەوان باشترەو بۆ ئێمەش باشە، با بەوردی بۆمان بنووسن ،بەنامە بێ،بەفاکس بێ یان بە نامە بەدەستی خۆیان بیهێنن و ناونیشانی تەواوی خۆیان بنووسن و بڵێن ئەو فلانە شتەمان وەرنەگرتووە، بۆئەوەی ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام کە لە ڕۆژنامەوە بڵاودەکرێتەوە ڕەنگە من نەتوانم لە ڕۆژێکدا هەموو ڕۆژنامەکان ببینم و بخوێنمەوە، بەشبەحاڵی خۆم گرنگی بە ڕۆژنامە دەدەم و زۆربەی دەخوێنمەوە ئەوەی بکەوێتە بەرچاوم، هەندێ جار دەپرسم و بەدوای زانیاریدا دەگەڕێم لەسەر شتێك، دەڵێم ئەرێ ئەو مەسەلەیە چییە. ئێمە هەندێ لێکۆڵینەوەی بەپەلەمان کردووە، بەڵام یەکەم من حەزدەکەم هەر هونەرمەندێك لەهەر بوارێك بێت هەست بە هەر کەموکوڕییەك دەکات پێمان بڵێت. بۆئەوەی ئێمە بیکەینە بەڵگەو لێکۆڵینەوەی ڕەسمیان لەسەر بکەین، ئێمە لیژنەیەکمان داناوە بۆ ئەو شتانە. هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەڵگەکاندا لیژنەمان دروست کرد، هەندێك لەو هونەرمەندانە هاتنە ئێرە، بەڵام هەستم کرد زۆر داکۆکییان نەکرد، گلەییان هەبوو گوتم باشە بۆم بنووسن، بەڵام بۆ نموونە دەڵێم دووکەس لەوانە کەپەیوەندییان کردبوو بە (هەولێر پۆست) یان (کوردستان ڕاپۆرت)، گوتم باشە با یەکێك لەوانە تاقی بکەینەوە، کەچی دەرکەوت قسەی هیچیان وانەبوو، هەیانە خزمێکی یان یەکێکی دیکە بۆی وەرگرتووە، واتە پارەکە دراوەتە بەکەسێکی دیاریکراویش کە ناونیشانی هەیە، باوەڕیکەن هیچ دزییەك یان شتی وا لەوەدا نییە، من خۆم ئاگادارم پێش چەند ساڵێك شتێکی وا ڕوویدا، هونەرمەندێك پەیکەرتاشەو ئێستا لیڕەیە، پارەیەکی بۆ دانرابوو وەریبگرێ خۆی گوتی بیدەنە فلانەکەس، ئەوەندەی من ئاگادارم پارەکە درایە فلانەکەس کە خزمی خۆیەتی، کەچی پارەکەی نەدابوویێ و هاتبوو گلەیی دەکرد، گوتم ئێمە چیبکەین خۆت گوتت بیدەنە فلانەکەس. من پەیوەندیم بەوەوە نییە ئەوەی بووە سەردەمی من بووە یان لە سەردەمی سامی شۆڕش وەزارەت لەهەمووی بەرپرسیارە. ئەمە وەزارەتەو لەهەموو ئەو شتانە بەرپرسیارە کە پێشی ١٥ ساڵیش بابڵێین لەسەردەمی شێرکۆ بێکەسیش بوونە، ئێمە دەبێت وەڵام بدەینەوەو پاشان بچین لەو وەزیرەش بپرسین . ئەوەی بڵاوکراوەتەوە ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و سوپاسی هەر هونەرمەندێکیش دەکەین ئاگادارمان بکاتەوە، بەڵام تکام وایە ڕاست و ڕەوان بۆ وەزارەتی بنێرن و ئەگەر لەماوەی دیاریکراوداو پاش لێکۆڵینەوە وەڵامان نەدایەوە حەقی خۆیەتی لە ڕۆژنامە بڵاوی بکاتەوە.

*** ئەوانەی نکۆڵی لە وەرگرتنی ئەو پارەیە دەکەن زۆرن یەك و دوو نین، هەست ناکەی گەندەڵییەك لەوەودا هەبووبێت ؟**

– ئێمە تا ئێستا لێکۆڵینەوەمان لەسەر سێ چوارێك کردووە وا دەرنەچووە، تا ئێستا حاڵەتێکی گەندەڵی ئیسپات نەبووە کە دەربیخات پارەیەك خوراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من لەشێوازی لێکۆڵینەوەکە رازی نیم و چاوی پێدادەخشێنینەوە.

*** بڵاوکردنەوەی ئەو لیستانە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی شەفافیەت و ڕێگری لەوەش بکات کە ئیدی کەس دەست بۆ پارە و هونەرمەندێکی وا ڕوویدا، پارەیەکی بۆ دانرابوو وەریبگرێ خۆی گوتی بیدەنە فلانەکەس، ئەوەندەی من ئاگادارم پارەکە درایە فلانەکەس کە خزمی خۆیەتی، کەچی پارەکەی نەدابوویێ و هاتبوو گلەیی دەکرد، گوتم ئێمە چیبکەین خۆت گوتت بیدەنە فلانەکەس. من پەیوەندیم بەوەوە نییە ئەوەی بووە سەردەمی من بووە یان لە سەردەمی سامی شۆڕش وەزارەت لەهەمووی بەرپرسیارە. ئەمە وەزارەتەو لەهەموو ئەو شتانە بەرپرسیارە کە پێشی ١٥ ساڵیش بابڵێین لەسەردەمی شێرکۆ بێکەسیش بوونە، ئێمە دەبێت وەڵام بدەینەوەو پاشان بچین لەو وەزیرەش بپرسین . ئەوەی بڵاوکراوەتەوە ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و سوپاسی هەر هونەرمەندێکیش دەکەین ئاگادارمان بکاتەوە، بەڵام تکام وایە ڕاست و ڕەوان بۆ وەزارەتی بنێرن و ئەگەر لەماوەی دیاریکراوداو پاش لێکۆڵینەوە وەڵامان نەدایەوە حەقی خۆیەتی لە ڕۆژنامە بڵاوی بکاتەوە.**

*** ئەوانەی نکۆڵی لە وەرگرتنی ئەو پارەیە دەکەن زۆرن یەك و دوو نین، هەست ناکەی گەندەڵییەك لەوەودا هەبووبێت ؟**

– ئێمە تا ئێستا لێکۆڵینەوەمان لەسەر سێ چوارێك کردووە وا دەرنەچووە، تا ئێستا حاڵەتێکی گەندەڵی ئیسپات نەبووە کە دەربیخات پارەیەك خوراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من لەشێوازی لێکۆڵینەوەکە رازی نیم و چاوی پێدادەخشێنینەوە.

*** بڵاوکردنەوەی ئەو لیستانە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی شەفافیەت و ڕێگری لەوەش بکات کە ئیدی کەس دەست بۆ پارە و گەندەڵی بەو مانایەی بڕێکی زۆری پارە دیارنەمابێت شتی وا دەرنەکەوتووە، ئاخر گەندەڵی جیایەو لێنەزانین شتێکی دیکەیە. گوتیان لە تەلەفزیۆن گەندەڵی هەیە، پشکنینمان کرد وانەبوو، ئینجا قسە هاتە سەر سینەما گوایە هەندێ شت لە کۆگا دیارنەماوە، لێکۆڵینەوەمان کرد هەموو شتەکان لەجێی خۆی بوو هیچ بزر نەبوو، تەنیا هەڵەیەك هەبوو لەشێوەی ڕێکخستنی تۆمارەکە، ئەوەشی لێی بەڕپرسە مەهدی ئومێد بوو هاتە وەزارەت و گوتی هەموو شتەکان لای منەو بەڕاستیش لای ئەو بوو، هەڵەکە لەوەدا بووە کاتی خۆی کاك مەهدی بەڕێوەبەر بووە، کە ئەو نەماوە ئەوەی دوای ئەو جەردی کۆگاکەی بەبێ ئاگاداری ئەو کردووە کە ئەوە هەڵەیەو لەهەموو دنیادا جەردی شت بەئاگاداری بەرپرسی پێشوو دەبێت، بەڵام لەوەدا پەلەیەك کرابوو، کە بڵاویش کرایەوە لیژنەیەکی ١٤ کەسیمان دروستکرد لەهەموو بەشەکان،دەرکەوت بەو شێوەیە نییە.**

*** بەڵام مەهدی ئومێد دەڵێ ئەو شتانە بۆ من کراون و هی وەزارەت نین ؟**

– ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئێمە کامێراکانمان دۆزیەوە، کابرا دەڵێ لای منە، واتە ون نەبووە، ئینجا دەمێنێتەوە ئەوەی ساخی بکەینەوە کامێراکان بۆ ئەو کردراون یان مولکی وەزارەتن، خۆ ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیرانیش دابێتیە مەهدی ئومێد دیسان هەر بە مولکی حکومەت حسابە.ئێمە هەموومان ڕووبەڕووی یەك کردنەوەو مەهدی ئومێد مۆری کرد کە ئەو شتانە لای ئەون.

*** بەڵام ناوی نێچیروان سەنعانیش لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە، ئایا ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە هەبووە مافی ئەو هونەرمەندانە نەبات، ئێوە بۆچی هەموو بەڵگەنامەکان بڵاوناکەنەوە، ئێمە لیستی دیکەمان لابوو بۆئەوەی کێشەکە تەشەنە نەکات لەسەر داوای هەندێ کەس ڕامانگرتن؟**

– نازانم کێ داوای کردووە بڵاونەکرێتەوە، من لاریم لە بڵاوکردنەوەکە نییە، بۆ زانیاریت من لە کابینەی سێیەمەوە لە وەزارەتدام و پێشتریش هەرچیەکمان کردبێت بە نامیلکەیەك بڵاومان کردووەتەوە نەك هەر پارەی هونەرمەند هەموو شتێك، چاپی کتێب و نۆژەنکردنەوەی بینایەك و پارەی شانۆ هەموو شتەکان، من نەمزانی ئێوە ئەو شتانە بڵاودەکەنەوە ئەگەرنا بەبرادەرانم دەگوت بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەڵگەکانتان بدەنێ و نوسخەی ئۆرجینالیش، ئەمە شتێك نییە لێی بترسین و بیشارینەوە، وەکو تۆ گوتت باشترایە بڵاوبکرێنەوە بەڵکو کەموکوڕییەك هەبێت.ئەوەی بەئێوە دراوە بەئاگاداری من نەبووەو ڕەنگە هەندێکی درابێتە ئێوەو هەندێکی نەدرابێ، یان بەڵگەنامەکان دوابەدوای یەك نەبن. ئێمە خۆمان نامیلکەیەکمان هەیە بۆناو وەزارەت هەر چالاکییەك کرابێت و چەندی تێچووبێت بڵاوی دەکەینەوە، لایەنی پەیوەندیدار لەمەدا خۆ هەر ڕۆژنامە نییە، ئەنجوومەنی وەزیرانەو داراییەو لیژنەی بالای پشکنین و چاودێرییەو دەبێت ئەوان بزانن چیمان کردووە.

*** باس لە گەندەڵییەکی فراوانی ئێو وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکرێ و خۆیشت لەدیداری پێشوودا لەگەڵ (میدیا) گوتت هاتوومەتە سەر وێرانەیەك، نایا گەندەڵییەکە بەو ئاستەیە کە باس دەکرێت؟**

– ئەوە زیادەڕەویی تێدا هەیە، بەڵێ گەندەڵی هەیە، لە هەر حکومەتێکی ئەم دنیایەدا گەندەڵیی هەیە، وەزارەتی ڕۆشبیریش یەکێکە لەو دەزگایانەی حکومەت حەتمەن گەندەڵیی هەر تێدا دەبێت، کە دەوڵەت هەبوو گەندەڵییش دەبێت، ئەمە یاسایەکی خراپە، بەڵام ئەوە حەقیقەتەکەیە بۆ هەموو حکومەتەکان. باسی گەندەڵی لە ڕادیۆی هەرێم کرا، ئێمە لیژنەیەکمان دروست کردو ڕاپۆرتەکەش هەیەو هەر وەختێك لیژنەی بالای پشکنین و چاودێری بیەوێت دەتوانێ بێت تەماشای بکات، مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت، بەڵێ سەرپێچی هەیە، بەڵام کەمێراکە ون نەبووەو لای مەهدی ئومێدە

چەند ساڵێك شتێکی وا ڕوویدا، هونەرمەندێك پەیکەرتاشەو ئێستا لیڕەیە، پارەیەکی بۆ دانرابوو وەریبگرێ خۆی گوتی بیدەنە فلانەکەس، ئەوەندەی من ئاگادارم پارەکە درایە فلانەکەس کە خزمی خۆیەتی، کەچی پارەکەی نەدابوویێ و هاتبوو گلەیی دەکرد، گوتم ئێمە چیبکەین خۆت گوتت بیدەنە فلانەکەس. من پەیوەندیم بەوەوە نییە ئەوەی بووە سەردەمی من بووە یان لە سەردەمی سامی شۆڕش وەزارەت لەهەمووی بەرپرسیارە. ئەمە وەزارەتەو لەهەموو ئەو شتانە بەرپرسیارە کە پێشی ١٥ ساڵیش بابڵێین لەسەردەمی شێرکۆ بێکەسیش بوونە، ئێمە دەبێت وەڵام بدەینەوەو پاشان بچین لەو وەزیرەش بپرسین . ئەوەی بڵاوکراوەتەوە ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و سوپاسی هەر هونەرمەندێکیش دەکەین ئاگادارمان بکاتەوە، بەڵام تکام وایە ڕاست و ڕەوان بۆ وەزارەتی بنێرن و ئەگەر لەماوەی دیاریکراوداو پاش لێکۆڵینەوە وەڵامان نەدایەوە حەقی خۆیەتی لە ڕۆژنامە بڵاوی بکاتەوە.

*** ئەوانەی نکۆڵی لە وەرگرتنی ئەو پارەیە دەکەن زۆرن یەك و دوو نین، هەست ناکەی گەندەڵییەك لەوەودا هەبووبێت ؟**

– ئێمە تا ئێستا لێکۆڵینەوەمان لەسەر سێ چوارێك کردووە وا دەرنەچووە، تا ئێستا حاڵەتێکی گەندەڵی ئیسپات نەبووە کە دەربیخات پارەیەك خوراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من لەشێوازی لێکۆڵینەوەکە رازی نیم و چاوی پێدادەخشێنینەوە.

*** بڵاوکردنەوەی ئەو لیستانە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی شەفافیەت و ڕێگری لەوەش بکات کە ئیدی کەس دەست بۆ پارە و گەندەڵی بەو مانایەی بڕێکی زۆری پارە دیارنەمابێت شتی وا دەرنەکەوتووە، ئاخر گەندەڵی جیایەو لێنەزانین شتێکی دیکەیە. گوتیان لە تەلەفزیۆن گەندەڵی هەیە، پشکنینمان کرد وانەبوو، ئینجا قسە هاتە سەر سینەما گوایە هەندێ شت لە کۆگا دیارنەماوە، لێکۆڵینەوەمان کرد هەموو شتەکان لەجێی خۆی بوو هیچ بزر نەبوو، تەنیا هەڵەیەك هەبوو لەشێوەی ڕێکخستنی تۆمارەکە، ئەوەشی لێی بەڕپرسە مەهدی ئومێد بوو هاتە وەزارەت و گوتی هەموو شتەکان لای منەو بەڕاستیش لای ئەو بوو، هەڵەکە لەوەدا بووە کاتی خۆی کاك مەهدی بەڕێوەبەر بووە، کە ئەو نەماوە ئەوەی دوای ئەو جەردی کۆگاکەی بەبێ ئاگاداری ئەو کردووە کە ئەوە هەڵەیەو لەهەموو دنیادا جەردی شت بەئاگاداری بەرپرسی پێشوو دەبێت، بەڵام لەوەدا پەلەیەك کرابوو، کە بڵاویش کرایەوە لیژنەیەکی ١٤ کەسیمان دروستکرد لەهەموو بەشەکان،دەرکەوت بەو شێوەیە نییە.**

*** بەڵام مەهدی ئومێد دەڵێ ئەو شتانە بۆ من کراون و هی وەزارەت نین ؟**

– ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئێمە کامێراکانمان دۆزیەوە، کابرا دەڵێ لای منە، واتە ون نەبووە، ئینجا دەمێنێتەوە ئەوەی ساخی بکەینەوە کامێراکان بۆ ئەو کردراون یان مولکی وەزارەتن، خۆ ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیرانیش دابێتیە مەهدی ئومێد دیسان هەر بە مولکی حکومەت حسابە.ئێمە هەموومان ڕووبەڕووی یەك کردنەوەو مەهدی ئومێد مۆری کرد کە ئەو شتانە لای ئەون.

*** بەڵام ناوی نێچیروان سەنعانیش لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە، ئایا ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە هەبووە**

هەر کەسێك لە لێکۆڵینەوەدا گەندەڵی لەسەر ئاشکرا ببێ دەیدەمە دادگا

کە دەڵێن کاتی خۆی وەك ئەمانەت کە لوپە لەکانی بۆ ئێران بردوون و گەیاندوونی بە وەسڵی تەسلیمکردنەوە هاتووەتەوە ؟

– منیش لەوە تێنەگەیشتم ناوی ئەو کورە بۆچی هاتووە وبەڕاستی نازانم ئەوە بەینی ئەوانە. بەشی سینەمای ئێمە کێشەی زۆری تێدایە، بەڕێوەبەرێك هاتووەو یەکێك چووە، لەنێوان کارمەندەکاندا نەگونجان هەبووە، هەربۆیە من لیژنەیەکم پێکهێناوە بۆئەوەی بەو سێ و چوارساڵەی سینەمادا بچنەوە، تەنانەت ئەو فیلمانەی تەواویش بووە پێیدا بچنەوە، ئەو فیلمانەی ڕەزامەندیشیان لەسەردرابوو هەموویم ڕاگرت تا ئەو کێشانەی پێشوو ساخ دەکەمەوە بزانم ئەم چەند ساڵە چی کراوە بۆ سینەما، بەڕاستی نیازمان وایە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت بەرنامەیەکی نوێ بۆ کاری سینەما دابنێین.

*** ئەو پارانەی دراون بە سینەماکارەکان هەمووی لەڕێی وەزارەتەوە بووە؟**

– نەخێر،خۆی کێشەکەش ئەوەیە هەمووی لەڕێی وەزارەتەوە نییە، کە من لەم کابینەی پێنجەمەدا هاتمەوە ناو حکومەت، هەندێ نووسراو لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هات، دیارە پێش من معامەلەی کراوە، سەرۆکایەتی حکومەت یەکسەر ڕەزامەندیی لەسەرداوە، کە بۆ ئێمەیان ناردووە فەرمان دەکات دەبێت جێبەجێ بکرێ، من کارێکم کرد سەرۆکایەتی حکومەت ئەو جۆرە کارانە ڕابگرێ و هەر شتێك لەڕێی ئێمەوە نەبێت ڕەزامەندیی لەسەر نەدات بۆئەوەی تووشی ئەم کێشەیە نەبین کە ئێستا تووشی بووینە،چونکە هەرچی دەکەم ئەو شتانەم بۆم ساخ ناکرێتەوە چۆن کراوە، تەنانەت ئەنجومەنی وەزیرانیش کە ڕەزامەندیی لەسەرداوە یەك دەست نەبووە، دووسێ دەست هەبووە، کێشەکە زۆر ئاڵۆزە بەڕاستی، لەبەرئەوە ئێمە ئێستا بیری لێدەکەینەوەو ئەو لیژنانەمان داناوە کە بەدوو ئاراستە ئیش بکەن، یەکەمیان ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی خۆمانەوە هەیە ساغی بکەنەوە، دووەم ئەوانەی پەیوەندییان بە سەرۆکایەتی حکومەتەوە هەیەو لەوێوە بڕیاری لەسەردراوە، کێ داویەتی و چ بەڵگەنامەیەکیان هەیە، چونکە ئێستا لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری ماڵەو دەڵێن ئەوەندە پارە سەرف کراوە بۆ سینەما، هەندێ فیلم گوایە کراوە ئەسڵەن فیلمەکە دیارنییە، تەنانەت مسوەدەی فیلمەکەش دیارنییە، پارەشی بۆ سەرفکراوە، ئێستا دەڵێم باشە کوا فیلمەکە هەر تۆزێکی لێ ببینم ،نییە. باشە کێ لەمە بەڕپرسیارە؟**

*** دەکرێ بڵێین گەندەڵیی تێداکراوە؟**

– ئاخر مرۆڤ ناتوانێ یەکسەر بڕیار بدات، دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێ و ئەگەر دەرکەوت گەندەڵیی هەبووە من خۆم دەیدەمە دادگا، بەڵام شتێك کە هێشتا دیارنییە سەختە مرۆڤ ناوی یەکێك بهێنێ کە هێشتا هیچی لەسەر ساخ نەبووەتەوە. بەڕاستی ئەگەر لیژنەکانی خۆمان نەتوانن شتێك بکەن، ڕەنگە لیژنەی بالای چاودێری و پشکنین بانگ بکەم ئەوان لێکۆڵینەوەی دیکەی لەسەر بکەن. ئەوان بەپێی دەسەڵاتی خۆیان کە گەورەترین دەسەڵاتە دەتوانن لەهەموو شتێك بکۆڵنەوەو بڕیاری لەسەربدەن،ئەوکات کە ئاشکرا بوو یەکسەر دەیاندەمە دادگا.

*** بەڵام گەندەڵی تەنها پارە بردن نییە، گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیشە، ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە گەندەڵی هەیە؟**

– سیستەمی کارەکان دروست نەبووە، بۆنموونە خۆشم وەزیر بوومە هەر وەزیرێك هاتووە بەسیستەمێك کاری کردووە. حکومەت دەبێت سیستەمێکی دیاریکراوی هەبێت. ڕەنگە بۆ ڕازیکردنی کەسێك چاوپۆشی کرابێت لە زۆر شت. ئەوە ئەسڵی مەسەلەکەیە. شتەکە لەوەیە کە لە هەردوو ئیدارەکەی پێشوو لەبەرئەوەی مونافەسە هەبووە لەنێوانیان ڕەنگە چاوپۆشییان لە هەندێك کەس و هەندێك شت کردبێت لەبەر مەسەلەی حیزبی. ئەوە یەکەم، دووەم ئەوەیە وەك گوتم چاودێری دارایی وەزارەتەکان خۆیان چاودێرییەکی دروست ناکەن. بۆ نموونە تۆ هەر پرۆژەیەك هەبێت کە تەواوی دەکەیت جا پرۆژەکە فیلم بێت هەرشتێك بێت، دوایی دەبێت لێپرسینەوە بکرێت چی کراوە وچەند خەرج کراوە ئەو خەرجیانە چۆن کراون ، ئەم بەدواداچوونە زۆر لاوازە. من دەڵێم ڕەنگە لەنێو ئەو گێژاوەدا هەندێك کەس ئیستفادەی کردبێت و دیاریش نەبێت پێوەی. ڕاستیشە شەرت نییە هەر پارەی بردبێت. تۆ ئیشێك شەش مانگ دوابخەی ئەوەش گەندەڵییە.

*** چاپخانەکەی وەزارەت کە گوتت جارێ وەرمان نەگرتووەو تێستی دەکەین بۆئەوەی بزانین وەریدەگرین یان نا، ئێستا دوای تێست کردن وەرتانگرتووە؟**

– نەخێر وەرماننەگرتووە.

*** لەبەرچی؟**

– لەبەرئەوەی گرەنتی نییە کاربکات.

*** دەگوترێ وەختێك کە ئێوە وەزارەتتان وەرگرت، وەزارەت پارەیەکی زۆری هوتێلەکان قەرزدار بووە، ئەوە ڕاستە؟**

– بەڵێ زۆر زۆریش قەرزار بووە.

*** ژمارەیەکی وەك ٣٥٠هەزار دۆلار باسدەکرێ؟**

– لەوانەیە زیاتریش بووبێت، تەنیا لە یەك شوێن ٢٢٠ ملیۆن دیناربوو، با بەدینار حسابی بکەین، لەشوێنێك ١٠٠ ملیۆن، ٥٠ ملیۆن، دیارە لەو ماوەیە مونەسەبات زۆر کراوە، کێشەکە لەوەدایە کاتێك یادێك دەکەیەوە، فێستیڤاڵێك دەکەی پارەکەت لەبەردەستدا نەبێت. من ئێستا زۆر خۆم لەوە دەپارێزم، کە کارێك دەکەی دەبێت پێش ئەوە پارەکەیت لەبەردەست بێت بۆئەوەی حسابی خۆت بکەی، بۆنموونە ئەگەر ١٠ کەس بانگ دەکەی دەبێ بزانی ئەو ١٠ کەسە لەکوێ دەخەون، کرێی سەفەریان چییە ئەگەر لە دوورەوە بێن، دەبێت هەموو ئەمانە حساب بکەی بۆئەوەی تووشی ئیشکال نەبی. ئەوکات ئەگەر قەرزاریش دەرچی، بە حکومەت دەڵێی بۆنموونە پێنج ملیۆن قەرزار بووین، چالاکییەکە گەورەتر بوو. بەڵام دیارە بەوشێوەیە نەبووە، خەڵك داوەتکراوە بەبێ ئەوەی بودجەکەی دیاری بکرێت، خەڵك کە هاتووە لەسەر حسابی وەزارەت هاتووە، لە هوتێل ماوەیەك دەمێنێتەوەو پارەکە نادات و هەمووی دێتەوە سەر وەزارەت، ئێستا بەشێکی زۆری ئەو قەرزانەمان داوەتەوە، من دوو سێ مانگ هەر خەریکی ئەوە بووم.

*** لەو ٣٧٠ ملیۆنە چەندی ماوە بدرێتەوە؟**

– زۆربەی تەسفیە کراوەو پارەی کۆن هەمووی دراوەتەوە.

*** ئەو پارەیە هی چەند ساڵ بووە؟**

– سێ ساڵی دوایی تێدابووە، هەبوو هی دوو ساڵ بوو، زیاتر هی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦بوو.

*** دەڵێن سامان شالی گوتویەتی فەلەکەدین بڕوای بە مافی ژنان نییە ؟**

– وا دەڵێن ،بەڵام من شك نابەم شتێکی وامگوتبێ. هەندێ جار گاڵتە دەکەم.من دەڵێم بروام بە خەباتی ئافرەتو ماڤی ئافرەتەو، هەتا کۆنەپەرسترین کەسیش ئەوە لەسەر خۆی ناکاتە ماڵو ناڵێ بڕوام بە ماڤی ئافرەت نییە، بەڵام من زۆر جار دەڵێم هەیە بروام بەو شێوە خەباتە نییە، زۆر جار دەڵێم باوەڕ ناکەم بەو شێوە خەباتە بگەنە ئەنجامێك . ئەو ڕۆژە چووم بۆ یادی ٨ی مارسی یەکێتی ژنان لەسلێمانی ، پێمگوتن هەڵەی ئێوەی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان ئەوەیە کە بۆ خۆتان قسە دەکەن، بۆ پیاو قسە ناکەن، ئێوە هەر قەناعەت بەیەکتر دێنن کەمافتان ئەوەیە، ئەوە زانیمان ئێوە خۆتان تێدەگەن، بەڵام پیاو نازانێ مافت چییە، ئێوە ڕووی قسە لەکۆمەڵگەی پیاو بکەن، تێیان بگەیێنن، بۆ نموونە ئەوەم پێگوتنو ماجزیش نەیوون. من هەموو جارێ دەڵێم کەوا باشترە بۆ ئافرەت، ژن لەخەباتدا پیاو بەشداری پێبکات، بۆنمونە بۆچی پیاوێك نەبێتە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتان، یان یەکێتی ژنان، ئەوە لەئەمریکا پەیدا بووە، بۆ نمونە بۆ پیاو نەبێ، لەهەندێ سەندیکا هەیە ژن بەرپرسە، کەسی یەکەمە، بۆچی ئەوەی ئافرەتان کەمەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیریشە بۆ پیاو نەبێتە بەرپرسیان، من دەڵێم لەگەڵ ئەوەم پیاو بەشدار بێ لەخەباتی ئافرەت بەو شێوەیە نەك لەدوورەوە پشتی بگرێ، نەخێر بەشدار بێ لەناو ڕێکخراوەکە، من لەگەڵ ئەوەدام.من لەبیرمە بەر لەراپەرین چەندین جار شتی بچوکی ئافرەتان هەبووە لەچیا، من بەشدار بوومە بەیانم بۆیان نووسیوە، ڕێکمخستوونو کۆبوونەوەم پێیانکردوون ،فێرم کردوون، بەشدار بوومە لەپرۆسەی خەباتیان. ئینجا ئەگەر قبوڵ ناکەن پیاو بچێ یارمەتیان بدات ئیتر چۆن چۆنێو چی لەپیاو دە